# کەرکووک . . . (کەکەکە)،ئەوەی کەم گوتراوەتەوە

## بەشی دووەم

فلک الدين كاكەیی

(٤)

پەندێکی مێژوویی بۆ تورکیا و هەر حکومەتێکی دیکە، دووپات دەکەینەوە کە کێشەی نەتەوەیی هەر گەلێک، نەخاسمە گەلی کوردستان، مەحاڵە بە پەلامار و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەناو بچێت. دوور مەڕۆن، تەماشای دادگایی سەدام و ڕەفیقەکانی لە (تاوانی ئەنفال) بکەن و، ببینن چ نەخشە و پلانێکی وێرانکەرانەیان بۆ لەناوبردنی گەلی کوردستانی باشوور دانابوو و، چی چەکێکی کوشندەیان بە کارهێنابوو (بە دانپێدانانی سەدام و عەلی کیمیایی لە تەسجیلەکانیاندا) بۆ قڕکردنی کورد و چۆڵکردنی کوردستان.. ئەمجارەش هیچیان پێنەکرا بەرامبەر بە ٢-٣ ملیۆن خەڵکی کوردستانی عێراق، جا چی بکات بە حکومەتی وڵاتانی دیکە بەرامبەر بە دەیان ملیۆن کوردی خۆڕاگر.

ئەگەر بە قسەی ئێمەش بڕواناکەن، فەرموون گوێ لە دانیشتنەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بگرن، کە هێشتا لە بەغدا، بەردەوامە و، ببینن بڕوا و ویستی پۆڵایینی گەلی کوردستان چەند پتەو و نەگۆڕە.

ئێمە دەشڵێین کە... بە درێژایی ساڵانی ١٩٦١-١٩٩١ حکومەتەکانی عێراق هەموو شێوازێکی دڕندانەیان بەکارهێنا بۆ هەڵکەندنی پێشمەرگە لە کوردستان (تەنانەت ساڵی ١٩٦٣ لەشکری چوار وڵات هاوکار بوون لە لێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوانیش: عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران بوون، کە گەمارۆی سنوورەکانیان دابوو و، لە کەرکووک و موسڵ کۆمسیۆنی سەربازیی هاوبەشی نێوان ئەو وڵاتانە پێکەوە، دامەزرابوو و.. توانای (پەیمانی سەنتۆی) ئەو سەردەمە بە پاڵپشتی ئینگلیز و ئەمەریکاش پشتیوانیان بوو).

بە درێژایی ئەو ساڵانە سوپای عێراقی شەڕی (تارمایی و سەرابیان) دەکرد، چونکە پێشمەرگە هێزێکی میللیی سەرزەوی و ژێرزەوییە، هەم هەیە و هەم نییە.. وەکو تارماییەکە لە پڕدا دەردەکەوێ و لە پڕدا لەبەرچاو ون دەبێ. ئەبەد ناکەوێتە بەردەست. پێشمەرگە(و... هەر هێزێکی میللی پارتیزان) ئەبەد ناکەوێتە دەستی دوژمنانی، چونکە ئاوێتە و تێکەڵاوی خەڵکی نیشتمانەکەیەتی، تێکەڵاوی داروبەرد و ڕووبار و چیا و درەخت و گیانلەبەرەکانە...).

ئەو سروشتە کۆمەڵایەتییە کەلتوورییە هەمیشە وەها بووە و وەها دەبێ. هەر وەختێک میللەتێک لە پێناوی ماف و ئازادی و مان و نەمانی خۆیدا تێبکۆشێت، ئەو حاڵەتە دەگرێت.. هیچ وەختێک هیچ حکومەتێکی عێراقی نەیتوانی بەهێزی عەسکەری پێشمەرگە لەناو ببا. ئەگەر (٧) پێشمەرگەش مابن دیسانەوە خەباتی پێشمەرگایەتی سەریهەڵداوەتەوە.

ئێستا، گریمان (...ئەگەر)، کورد دەوڵەت ببێ و خاکی میللەتی تورکیای داگیر بکات، ئەوە دەوڵەتی کورد دووچاری ئەو حاڵەتە دەبێتەوە، کە ئێستا دەوڵەتی تورک بەرامبەر بە کورد تووشی بووە (یا.. ئەو کاتەی دەوڵەتی تورک بێت و خاکی کەرکووک و کوردستانی عێراق داگیر بکات)... کەواتە تەنیا کلیلی چارەسەری کێشەکە، ئاشتی و لێکحاڵیبوون و دادپەروەریە.

(٥)

باس لەوە دەکرێ کە دەوڵەتی تورکیا، بەناوی بنەماڵەی خیلافەتی عوسمانییەوە، داوای شاری موسڵ، یا ولایەتی موسڵ دەکەن. لە ڕاستیدا تەنیا میللەتێک کە هەقی داوای موسڵ و ویلایەتیی مێژوویی موسڵی هەبێت میللەتی کوردە. ئەگەر بڕیار بێت موسڵ لە عێراق جیا بکرێتەوە، ئەوە جێگەی سروشتیی تەنیا باوەشی کوردستانە، چونکە هەمیشە بەشێکی کوردستان بووە بە تایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبییەوە.

(٦)

کێشەی کەرکووک بە ئاشتی ببڕێتەوە باشترە ئومێدمان وەهایە. خۆ ئەگەر ئازادی بۆ خەڵک بڕەخسێت ئەوە کەرکووک و شارەکانی دیکە بە ڕەزامەندیی زۆربەی دانیشتووان لە ڕێگەی ریفراندۆمی ئازادەوە، هاتنە ژێر سایەی دەوڵەتی دیڤاکتۆی ئازادی کوردستانی باشوور، هەڵدەبژێرن.

(٧)

جێگەی خۆیەتی تێبکۆشین و ئاشتییانە لەگەڵ خەڵکی شاری موسڵ و دەوروبەری قسە بکەین تا بە ڕەزامەندی خۆیان و بە ریفراندۆمی ئازاد بڕیاری هاتنە سەر کوردستان بدەن، یا هیچ نەبێ پەیوەندییەکی تایبەتمەندیی دەستووریی لەگەڵ کوردستان ببەستن لەسەر بنەمای دۆستایەتی و هاوکاری و ڕێزلێکنان و هاوژیانی ئاشتیۆانە.

(٨)

دەمانەوێ پەیوەندیی کورد و تورک دۆستان و ئاشتییانە بێت، چ لەناو تورکیا، یا لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەکو دۆستایەتی کورد و فارس و عەرەب و نەتەوە و ئەتەنییەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناڤین، پێویستە.

ئێستاش لە پێش دەوڵەتی تورکیادا چەندین دەرفەت گرنگی مێژوویی ئاشتی ڕەخساوە، وەکو:

١- گەلی کوردستانی باکوور ئامادەی ئاشتییە. دەوڵەتی تورکیا دەتوانێ بە هەنگاوێکی ئاشتیخوازانە سیستەمێکی نوێی دیموکراتی لە تورکیا لەسەر بنەمای هاوژیانی ئاشتییانە و دۆستایەتی دابمەزرێنێت، ئەویش دوای جێبەجێکردنی مافە سیاسی و کەلتووری و ئابوورییە ڕەواکانی خەڵکی کوردی باکوور.

٢- دەوڵەتی تورکیا دەتوانێ پەیوەندیی دۆستایەتی و هاریکاری و ڕێزلێنان لەگەڵ حکومەتی کوردستانی عێراق دابمەزرێنێ، کە چەندین بەرژەوەندیی گرنگ پێکەوەیان گرێدەدا، وەکو بەرژەوەندی ئابووری، بازرگانی و ئاسایش و ئاشتی، دیموکراتی و کۆمەڵایەتی و، هی تر.

٣- دەوڵەتی تورکیا دەتوانێ هەڵوێستێکی ئیجابی لە کێشەی کەرکووک وەربگرێت، کە دەبێتە هۆی دۆستایەتی کورد و تورکمان و ، لە ئەنجامدا خزمەتی میللەتی تورکیاش دەکات. لە بەرژەوەندی میللەتی تورکماندایە لەگەڵ کوردا پێکەوە بژین.

٤- دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی هاوکاریی لەگەڵ حکومەتی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی لە عێراقدا ببینێت و یارمەتی گەلی عێراق بدات بۆ سەقامگیری ئاشتی و ئاسایش و دیموکراتی.

